**بەڕێزان, دۆستان :**

هاوپێچ دەقی یاداشتێکتان ئاراستە دەکەین سەبارەت بە  دیاردەی خەتەنەکردنی مێینە لە کوردوستاندا ، ئەم یاداشتە کە ئاراستەی هەر سێ سەرۆکایەتی کراوە لە کوردوستاندا ، بەشێکە لـەو چالاکیانەی کـە بـۆ ڕووبەڕووبونەوەو قەدەغەکردنی ئەم دیاردەیە دەکرێت لەڕوی یاساییەوە بەهاوشانی چالاکیە مەیدانیەکان بـۆ وشیارکردنەوە لەسەر مەترسیەکانی ئەم دیاردە دزێوە ، وەلەچەند ڕۆژی داهاتوداشدا لەڕێگەی ڕۆژنامەکانی کوردوستانەوە بانگەواز دەکرێت بۆ کۆکردنەوەی ئیمزا لە هەموو ناوچەکانی کوردوستاندا بۆ هاوپێچ کردنی بە دەقی یاداشتەکەوە وەك هەوڵێکی بێلایەن بۆ کۆتایی هێنان بەم دیاردەیە .

داواکارین لە بەڕێزتان کە بەشداری بکەن لەپاڵپشتی کردنی ئەم یاداشتە :

هەروەها ئەتوانی بەم شێوەیە شداریکردنی خۆت رابگەیەنیت :

–سەردانی سایتی :

www.stopfgmkurdistan.org

–ناردنی ئیمەیڵێك بۆ :

stopfgmkurdistan@yahoo.com

–پەیوەندی کردن بە ژمارە تەلەفۆنی : ئاسیا : 07701498282 ، سانا  07301095038

**یاداشتنامە**

**بۆ بەڕێزان / سەرۆکایەتی پەرلەمانی هەرێمی کوردوستان ، سەرۆکایەتی هەرێمی کوردوستان ، ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردوستان**

**کۆتایی هێنان بە دیاردەی خەتەنەکردنی مێینە کۆتایی هێنانە بەترسناکترین شێوەکانی توندوتیژی بەرانبەر بە مێیینە لە کوردوستاندا .**

**بەڕێزان ..**

داواکارین لە بەڕێزتان کە یاسایەك دەربکرێت بـۆ وەسـتاندن و کۆتـایی هێنـان بـە دیـاردەی خەتەنـەکردنی مێیینە لە کوردوستاندا وە بەشێوەیەکی پراکتیکیش ڕێ و شوێن دابنرێت بۆ بەرەنگاربونەوەی ئەم حاڵەتە دزێوە .

ئەم داواکاریەمان دوای ئەو هەموو  هەوڵانە دێت کە لە چەند ساڵی ڕابوردودا ئەنجام دراوە بۆ وەسـتاندن و کۆتایی هێنان بەم دیاردەیە ، بەڵام بـەپێی بەدواداچـون و ئامارەکـان تـا ئێـستاش لـە بەشـێکی بەرچـاوی کوردوستاندا  ئەنجامدانی ئەم دیاردەیە بەردەوامە و لەچەندین ناوچەی کوردوسـتان ڕێـژەی 60٪ کـچان و ژنان خەتەنەکراون  .

کچان ، لەتەمەنیَ منداڵیدا ئەخرێنە ژێر فشار بۆ بڕینی پارچەیەکی زۆر گرنگ و زیندوی جەستەیان کە دواتر کاریگەری ڕاستەوخۆی ئەبێت لەسـەرباری جەسـتەیی و دەروونییـان وە توشـبونیان بەچـەندین نەخۆشـی و کێشەی کۆمەڵایەتی .

ئەنجامدانی خەتەنەکردن بە بەهانەی ئەوەی لە ئیسلامدا فەرزکراوە کە تەنانەت ناوی ( سونەتی ) لیٚ نراوە یان بە بەهانەی داب ونەریتێکی کۆمەڵایەتی ئەنجام ئەدرێت ، وە لە هەموو کۆمەڵگە عادەتیەکانیشدا هەمان بەهانەی بۆ ئەهێنرێتەوە ، بەڵام پێچەوانەی ئەم قسەیە ڕاستە وە ئەم دیاردەیە بێجگە لە تاوانێك بەرانبەر بە مێیینە هیچی دیکە نیە ، هەربۆیە لە بێدەنگی و نهێنیدا ئەنجام ئەدرێت و لەڕوی زانستیشەوە ڕەت کراوەتەوە ، وە بەپێی بەڵگەنامە نێودەوڵەتیەکانی ماف مرۆڤ بە یەکێك لە شێوەکانی توندوتیژی جەستەیی و دەرونی پۆلێن ئەکرێت و لە کاتی ئێستادا هەموو ڕێکخراوە جیهانیەکانی وەك نەتەوە یەککگرتوەکان و ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی و ڕێکخراوەکانی ژنان لە جیهاندا ئەم دیاردەیە بە تاوانێك دژی مێیینە وەسف ئەکەن .

هەربۆیە دەرکردنی یاساو بڕیاری بەپەلە بۆ وەستاندنی ئەو دیاردەیە ئەرکێکی سەرەکیە لەبەردەم دەسەڵاتی کوردیدا بۆ دڵنیاکردنەوەی ڕای گشتی جیهان کە میللەتی کورد یەکێکە لە میللەتە پێشکەوتوخوازەکان و بڕوای تەواوی بەمافی مێینە هەیە و هەوڵی کۆتایی هێنان ئەدات بە هەموو شێوەیەکی توندوتیژی بەرامبەریان وە ئەو مافەیان پیٚ ئەبەخشیٚ کەشایستەین ، ئەمەش دەرئەنجامی ئەو دیموکراسیەیە کە لە هەرێمی کوردوستاندا بەرقەرارە و لەدوای کۆتایی هێنان بە دکتاتۆریەت بوارێکی وا لەم ناوچەیەی ئێمەدا ڕەخساوە کە بەئازادی باس لە کێشەکان بکرێت و هەوڵی چاکسازی و گۆڕانکاریش فەراهەم بێت .

هاوپێچ لەگەڵ ئەم یاداشتەدا لیستی ناوی ئەو کەسایەتی و لایەنانەتان بۆ دەنێرین کە ئیمزای ئەم یاداشتەیان کردوە .

لەگەڵ ڕێزدا .

سەرنج / بۆ ئەو بەڕێزانەی ئەیانەوێت لەلای خۆیانەوە ئیمزا کۆبکەنەوەو بەشداری ئەم هەڵمەتەی پیٚ بکەن ئەتوانن ئەم فۆرمی ئیمزایە کۆپی بکەن وە دواتر ڕەوانەی ئیمەیڵی :

stopfgmkurdistan@yahoo.com: بکەنەوە

| پ | ناو | شوێنی دانیشتن | پیشە | ئیمزا |
|---|---|---|---|---|
| 1. | | | | |
| 2. | | | | |
| 3. | | | | |
| 4. | | | | |
| 5. | | | | |
| 6. | | | | |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| | | | | 7 |
| | | | | 8 |
| | | | | 9 |
| | | | | 10 |
| | | | | 11 |
| | | | | 12 |
| | | | | 13 |
| | | | | 14 |
| | | | | 15 |
| | | | | 16 |
| | | | | 17 |
| | | | | 18 |
| | | | | 19 |
| | | | | 20 |
| | | | | 21 |
| | | | | 22 |
| | | | | 23 |
| | | | | 24 |
| | | | | 25 |
| | | | | 26 |
| | | | | 27 |